# جینۆساید لە نێوان بەرژەوەندی و دۆکۆمێنتدا

ڕزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com

هەواڵی دۆزینەوەی 1500 تەرمی ئافرەت و منداڵ و هەرزەکاری کورد لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا لە شاری سەماوە ، دۆکۆمێنتێکی تازەو گەورەی خستە سەر خەرمانی ئەو دۆکمێنتانەی شایەد حاڵی پرۆسەی جینۆسایدی کوردن ، بەڵام بێ ئەوەی زەرەیەك لە گرنگی ئەو بەڵگەنامەیە کەم کەمەوە ، دەڵێم ئیعترافی یاسایی و نێو دەوڵەتی بە جینۆسایدی کورد چ لە ڕابردوو چ لە ئێستاش لە بەر کەمی دۆکۆمێنت نەبووە ، بەڵکو لە بەر بەکارنەهێنانی ئەو دۆکومێنتانە بووە ، لە بەر ئەوە بووە ئەم ئیعتیرافە یاساییە ئەگەر ڕوویدا لە ئاستی جیاوازدا لە دەرگای بەرژەوندی و چارەنووسی زۆر لایەن دەدا ، ئەم بەرژەوەندیانە لە کۆکتێلێکی بەربڵاودا هێزی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێونەتەوەیی کۆدەکاتەوە ، هێزی ناوخۆیی مەبەستم لە حیزبە کوردیەکانە ( یەکێتی و پارتی ) کە لە عێراقی تازەدا شەریکی دەسەڵاتن لە گەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەب و مەبەستی ئیعلامی لێ دەربچێ دەنا هیچ بەرژەوەندیەکیان نییە بۆ بەدواچوونی ئەم ئامانجە ، بێجگە لەوەش هەردوولا لە ژیانی حیزبی و حوکمگێڕان لە کوردستاندا ، بە عەمەلی دیلی دەستی لۆبیەکی گەورەن لە پاشماوەی جاش و ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی کە لە سەر دەوری ڕاستەوخۆدا لەم تاوانەدا بەرەو ڕووی دادگا دەبنەوە ، هێزە ئیقلیمیەکان دەترسن لەبەدیهێنانی ئامانجێکی یاسایی لەو بابەتە ، چونکە کردنەوەی دەرگایە بە سەر ئەم بێدەنگیە وتەکانێکی گەورە بە سەرخان و خەباتی سیاسی دەدا لە ناوچەکە ، هێزە نێونەتەوەیەکانیش کە ناتوانن بە تەنیا بە دادگایی کردنی بازرگانێك و دووان ڕۆڵی خۆیان بشارنەوە ، لە شەڕێکی گەورەی یاسایی و سیاسیدا بە فشاری گەورەی هێزو دیبلۆماسیەت بە هەمان چەکی کۆن ( بێ دەنگی ) درێژە بەم یاریە مێژووییە دەدەن .



پرسیارێك کە لە بەردەم دڵسۆزانی ڕێگای ئەم ئامانجەدایە ، لە بەرامبەر ئەم هەموو دەرگا داخراوە چی دەکرێ ؟ تەلیسمی ئەم هەموو بەرژەوەندی و ( بێ دەنگی ) و لۆبیانە چۆن تێك دەشکێنرێ ؟ من پێم وایە خەڵکانێکی زۆری ماندوو نەناس لە ڕابردو و لە ئێستادا بە شوێن وەڵامی ئەم پرسیارەو لە دەرەوەی بازنەی ئەم بەرژوەندانە ، ئەگەر بە پەرش و بلاویش بووبێ بەرەنگار بوونە ، لە دۆکومێنتی پەڕە کاغەزێکەوە بگرە تا دەگاتە تۆمارکردنی داوای یاسایی لە سەر تاوانباران کاری سەرسەختانەیان کردووە ، بەڵام بە داخەوە چیتر ئەم نیمچە دەسکەوتانە دادمان نادا ، ئەمرۆ ژماردنی دەسکەوتەکانی دوێنێ دەرگای دووەم و سێیەمی ئەم تەلیسمە ناکاتەوە ، ئێمە پێویستیمان بە ستراتیژێکی تازەی کارکردنە ، بە خوێندنەوەیەکی سادەو ڕاستگۆ و چاونەترسانەی قۆناغەکەیە ، پێویستیمان بەوەیە بزانین چیمان کردووە و هێشتا چیمان لە دەست دێ ؟ پێوستیمان بەوە نیە دۆکۆمێنت ئەرشیف بکەین ، بەڵکو پێوستیمان بەوەیە ئەرشیفەکان و بەڵگەنامەکان سەر لە نوێ نوقمی

نەخشەی کارکرن بکەین ، دەبێ فێری ئەوەبین دۆزینەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ وەکو هەواڵێکی نێو هەواڵەکان بە سەرمانا تێنەپەڕێ ، دەبێ لە جەرد کردنێکی تازەی تواناکانماندا ، بەپێ ی ئامانجی دیاری کراو تیمی ئیشکەرلێرەو لەوێ دروست بکەین ، ئێمە لە گرەوی ئەوەداین مۆری داخراوی سەر تراژیدیای کەیسێکی خەفەکراو لە سەر بەرگەکەی لابدەین ، ڕەنگە بۆ ئەم توێژە لە دڵسۆزان هیچ لایەنێك نەبێ کۆمەك بکا ، بەڵکو دژایەتی زۆریش بکرێن ، هەروەکو ئەوەی پارتی ویەکێتی بۆ خاتری خەزرەجی لە دادگای دەنیمارك دژ بەو دڵسۆزانە کردیان ، بەڵام هێز بۆ ئەو توێژە لە مرۆە لە هەڵبژاردنی شێوەی دروستی کارکرنە ، گەورە بوونیش لە بەرامبەر بەرپرسیارێتی مێژوو تەنیا و تەنیا لە گەورەیی سەرکەوتنی ئەم ئامانجە دایە .